# نەوەیەک پیرە منداڵ

بەرزان هەستیار
1998 نورنبێرگ
bhastiar@yahoo.de

لە ئینجانەی گۆڕەکانا
جوانترین سوورە گوڵین و
هەمیشە بە چەپک
ئەگریجە پیسەکانی مەرگ بۆن خۆش ئەکەین،
جوگرافیای گۆڕمان تێکداوەو
لە گۆشەکانی تەنیاییدا
ئێمە هەمیشە بە کۆمەڵ ئەمرین

******

شتێ، گۆڕەپانە تەماوییەکەی(زاکیرەمان)
جێ ناهێڵێ...خوێن
ئەوەی نازانین بیخوێنینەوە
شتێکە...لە پێ دەست
کەچی مێژووی ئەو گوناهانەش بەڵەدین کە هێشتاکە نەکراون

******

وێڵ و نامۆین بە کەلاوەکانی کامەرانیی،
خانەخوێی کۆشکە بڵندەکانی(پرسە)،
زەلیل وەک حەقیقەتە تەڕەکانی..
سەر تەنافە قرچۆکەکانی ڕۆحمان

*****

بە پیریی لە گۆڕەکانی ڕەحمی دایکمان هاتینە دەر
چەند جوان بوین ئێمە!!
نەوەیەک منداڵی پیر، ڕژاینە ناو
کۆڵانەکانی نیشتیمانەوە
پشتێنمان لە فیشەک لغ و
گۆچانمان تفەنگی باوک
هەر لە یەکەم جەنگمانەوە
مەدالیای چاو نەترسییان لە یەخە داین
شەڕێک بوو نەمانهێشت ڕۆحی منداڵیی

لەبەر خۆرا خۆی هەڵبخا
شەڕێك نەوەیەك گۆڕهەڵكەنی پیری
تیا باڵق بوون
شەڕی منداڵە كەنەفت و چاو كزەكان
ئەو منداڵانەی هەمیشە
لە نزیك گۆڕەكانەوە
سەرمان لە خوێن ڕشتن ئەخورا
نەك ژیان بمانڕفێنێ
ئەو منداڵانەی بە پیریی دانی گورگێتییمان ڕوا
تا كارژۆڵەی بەرائەتی پێ ڕاو بكەین؛
حەسرەت بۆ ڕووباری ئاڵی ئەو ڕۆژانەی چكیان كردو
ئەنگوستێكیان تەڕ نەكردین،
بەچرای ڕۆن گەرچەكەوە كۆڵانەكان داگیرسێنن
زارۆیەك بدۆزینەوە
لە ترسی شمشێری عەشرەت
لە زوقمی سەرەنوێلكێكا توور درابێ
بمانكات بە كۆیلەی فێربوونی
تاقە حەرفێك لە منداڵیی،
جیهانێك لە خەونی نەبینراو